کوردی هائیم و حەیران … (13) … هەمن عومەر خۆشناو

هەموو ئەو ڕۆژە بەردانەی لەسەر زگم کەوتە کەکراون، بەس خوا دەزانێت چەندم خۆش دەوێن، ڕۆگیان چەتە ناو هەناوم و من ئەوانم و ئەوان منن، هەر کە دەرگای ڕەحیان لە ڕۆسمە دەبردرێ، ڕەحم دەردەچێ، حەجمانم لە هەڵدەگیرێت، ئای کە چەند حەز دەکەم یەك یەك نیشانی هەموو دونیایان بدەم، پێیان بڵێم ئێشتە جگەرگۆشەم هەن! بەڵام بەو خوایەی لە ژێر سەرانە، لەبەر ئەو دەشتە کاکی بە کاکی و ئەو بیابانانە لم ئەستورانە دەم نایەت کە چەند ساڵە بە هەویای بەردەکن تا بیدەنە بەر پشتی خەیان و سەبووریان پێوە بەت، کەچی تا ئەستا لە چاوەوانیدا ئاوی چاویان سپی بوو، بەردەکی چکۆشیان بە نەهات و هەر نەهات!

چەند کەیفم دەت دەگەڵ گەردی بەیانی، ئەو دەمی فەجری سادیقە و تەر تەر نووری مەشریق ئادەمووسم، ئەوجار چی لالە و حاجیلە و هەرەیە دەنگی پەکەنینیان دەگاتە ئاسمان. بە من بی ئەو بەهارە جوانە و ئەو کەیفخۆشییەی جەرگی جەرگانم بە ڕەح و چاو، پەشانی هەموو جەیانی بدەم، بە چی توانام هەیە، پەکەنین، دەخۆشی، کەیف و سەفام بگەینمە هەموو هەسارەیەکی ئەو گەردوونە. ئەمما قورعان بە حەقت بە ساحەبت سوێندت لەسەرم نییە، زگم بەو چیایە ڕەقەن و ڕەشانە دەسووتێت، کە هەزار ساڵە چاویان لەوێیە ئەو دەڵە ڕەقەیان نەرم بەت، جارێك بە تەنیا جارێك و بەس، بەنی بەهارێك بکەن و لە دیار پەکەنینی گوڵاندا خەندەیەکیان بەتە سەر لەوان و بەو نزمەوە خۆیان لە هەڵمەت و ئیدی بە دیار ژیانەوە پەبکەنن و پەبکەنن.

بەڵام چش. کوا بە ئەوە ڕۆژە کوا!

نووسراوی سەر تیوەڵە شاخەك.